## کلۆپ بۆ کۆتینیۆ: ئەگەر بچێتە بارسا دەبێتە یاریزانێکی ئاسایی

# "کۆتینیۆ لەژێر سێبەری مێسیدا ون دەبێت"



رووداوی وەرزشی - CNBC

پسپۆڕێکی تۆپی پێی ئیسپانیا، هۆشداری دەداتە فلیپی کۆتینیۆی ئەستێرەی بەرازیلی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، لە چوونە ریزەکانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی و پێیدەڵێت «نەکەی بچیتە بارسا، تۆ لەوێ لە ژێر سێبەری لیۆنێل مێسیدا ون دەبی».

تێری جیبسۆن، پێیوایە، کۆتینیۆی ئەستێرەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بۆ ئەوە دەستنادات بچێتە ریزەکانی بارسیلۆنا، چونکە وەک خۆی دەڵێت «لەوێ لەبەر مێسی دەرفەتی درەوشانەوەی نابێت».

ماڵپەڕی لالیگا ویکلی، لێدوانەکانی جیبسۆنی بڵاوکردووەتەوە کە راشکاوانە دەڵێت «ئەگەر کۆتینیۆ بچێتە ریزەکانی بارسیلۆنا، هەرگیز ناتوانێت بەو ئازادییە یاری بکات، کە لە لیڤەرپوول دەستی کەوتووە، بێگومان ئەوەش بەهۆی بوونی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینییە». جیبسۆن هەروەها گوتیشی «لەگەڵ بوونی نەیمار و لویس سوارێز، کۆتینیۆ بوونی نابێت و بەتەواوی ون دەبێت، بۆیە پێویستە نەچێتە بارسا، چونکە لەوێ سەرکەوتوو نابێت، من دڵنیام ئەگەر کارێکی وا بکات پاشگەز دەبێتەوە، کە لەوانەیە ئەوکات پاشگەزبوونەوەش دادی نەدات».

یۆرگن کلۆپی راهێنەری کۆتینیۆش هەمان بۆچوونی هەیەو پێیوایە کۆتینیۆ بە رۆیشتن لە لیڤەرپوول دەبێتە یاریزانێکی ئاسایی، بەڵام بە مانەوە لە لیڤەرپوول دەبێتە ئەفسانە «کۆتینیۆ.. لە لیڤەرپوول بمێنەوە، بچیتە هەر شوێنێک دەبیتە یاریزانێکی ئاسایی، بەڵام لە لیڤەرپوول پەیکەرت بۆ دروست دەکرێت».


WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (450) سێشەممە 2017/5/23 2ی جۆزەردان - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## لەلایەن زیدانەوە کارێکی زۆر کراوە بۆ گەیاندنی ریال مەدرید بەم ئاستە..


# بەخت بەس نییە



### "زیدان راهێنەرێکی گەورەو پزیشکێکی دەروونی مەزنە"

3

### یوڤانتۆس.. چیرۆکی عیشقێکی بێ کۆتایی لەگەڵ نازناوەکان




3

### گریزمان سەرسامە بە ئایینی ئیسلام و نوێژەکانی پۆگبا



4

### زاوای کورد یەکەمی گەورە خولەکانی ئەوروپایە



7



# جیانلویجی بۆفۆن: با کەس خێرم پێنەکات

3



**پێشمەرگە بردییەوە**

لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ یارییەکانی گۆرەپان و مەیدانی تازەپێگەیشتووان، کە لە وڵاتی تایلاند بەڕێوەدەچێت، کچە یاریزانێکی کوردی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی مەدالیای زێڕی بردەوە. زێڕەکەی عێراق لە ڕێگەی کچە یاریزانی بازدانی بەرز، مەریەم عەبدولحەمیدەوە بوو، کە توانی 1.73 مەتر باز بدات. ئەو کچە یاریزانە کە پێشتر بۆ یانەی هەولێریش یاری کردووە لە رابردووشدا توانیویەتی ژمارەی پێوانەیی لە بازی بەرزی عێراق بشکێنێت.



نایانەوێ پشت بە یاریزانی عەرەب و بیانی ببەستن..

# پێشمەرگەی سلێمانی نایەوێ ڕەنج بە خەسار بچێت



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئێمەیان سەرپشک کردووە بۆ هەوڵدان و گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی عێراقی.

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە چوارچێوەی یارییەکانی پاڵاوتن و سەرکەوتن بۆ یارییەکانی داهاتوو و گەیشتن بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی توانی لە کۆمەڵەی باکوور و کوردستان بە 15 خاڵ بە پلەی یەکەم سەرکەوێت بۆ قۆناخی داهاتوو، بەڵام تاوەکو ئێستا یەکێتی تۆپی پێی عێراقی شێوەی قۆناخی دووەم و سەرکەوتن بۆ خولی نایابی عێراقی دیاری نەکردووە، کە کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی نیازی سەرکەوتنی هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش دەستەی راهێنەرانی یانەکە سەرپشککراون بۆ ئەوەی بتوانن تیپەکە سەربخەنە خولی نایابی عێراقی.

ئەرسەلان جەلال، راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی)ی گوت «دوای سەرکەوتنمان بۆ یارییەکانی قۆناخی داهاتووی یارییەکانی پاڵاوتن و گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، کارگێڕی یانەکەمان لەگەڵ ستافی راهێنەران کۆبوونەتەوەو ئێمەیان سەرپشککردووە بۆ ئەوەی هەر کارێک بکەین لەپێناو ئەوەی جارێکی دیکە تیپەکەمان بگەیەنینەوە خولی نایابی یانەکانی عێراقی». هەروەها گوتیشی «ئیداری تیپەکەمان دەیەوێت وەک چۆن تیپەکانی باسکە و باڵەمان لە خولی نایابی عێراقی یاری دەکەن بەهەمانشێوە تیپی تۆپی پێی یانەکەشمان بگاتە خولی نایابی عێراقی، کە لە راستیدا ئامادەکاری ئەوەمان تێدایە بتوانین کێبرکێ لەگەڵ یانە گەورەکانیش بکەین، بەڵام ئێستا بارودۆخی عێراق و کوردستان جیاوازە، بۆیە ئێستا ئێمە سەیری ئەنجامی تیپەکەمان دەکەین بزانین یەکێتی تۆپی پێی عێراق چۆن تیپەکان رێکدەخات و شێوازی یارییەکان چۆن دەبێت، ئەوکات ئێمەش داوا بڕیاری خۆمان دەدەین لەسەر ئەگەری بە سەرکەوتنمان یاخود نا».

ئەو راهێنەرە راشکاوانە رایگەیاند کە نایانەوێ پێشمەرگە رەنج بەخەسار بچێت، بۆیە وەک خۆی گوتی «دەمانەوێ ناوی پێشمەرگەی سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق بدرەوشێتەوە، ئەگەر بڕیاری ئەوەشماندا کە بۆ سەرکەوتن بچین، بێگومان کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانا دەهێنینە ریزی یانەکەمان، بۆ بەدەستهێنانی بلیتی سەرکەوتن». ئەو زیاتر لەبارەی هێنانی یاریزانانەوە گوتی «بڕیاری ئەوەمان داوە سەرجەم یاریزانانی تیپەکەمان کوردبن، هەوڵدەدەین یاریزانانی کورد لە شارە جیاجیاکانی کوردستان بهێنین، بەڕاستی نامانەوێ بەهیچ شێوەیەک پشت بە یاریزانی عەرەب و بیانی ببەستین».




بەدوای سپۆنسەردا دەگەڕێت..

# کوردێک پاڵەوانیەتییەکی جیهانی دێنێتە هەولێر

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

ئارام سالّح، ناسراو بە ئارامیر، پاڵەوانی زۆرانبازی جیهانی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند لە هەوڵی ئەوەدایە سپۆنسەرێک پەیدا بکات بۆ ئەوەی گەورەترین پاڵەوانیەتی زۆرانبازی لەسەر ئاستی جیهان بێنێتە شاری هەولێر و گوتی «چەندین ئەستێرەی زۆرانبازی جیهانیی بەشداری تێدا دەکەن».

دوای ئەوەی چەندین پاڵەوانیەتی جۆراوجۆر لە شاری هەولێر بەڕێوەچوون، ئەمجارە پاڵەوانێکی کورد لە هەوڵی ئەوەدایە پاڵەوانیەتییەکی زۆرانبازی سەربەست لەسەر ئاستی جیهانی بهێنێتە پایتەختی کوردستان، کە وەک خۆی بە (رووداوی وەرزشی) گوتی «14 یاریزانی 8 وڵاتی جیهان بەڵێنی بەشداریکردنیان پێداوم». ئارامیر، بەوەشی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە تاوەکو ئێستا هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار یاخود سەرمایەدارێک بەڵێنی هاوکاری پێنەداوە «سەرەڕای ئەوە من بەردەوام دەبم لە هەوڵەکانم بۆ ئەوەی دەرگایەک بدۆزمەوە، دەمەوێ سپۆنسەرێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی پاڵەوانیەتییەکە لە هەولێر ئەنجام بدەین».

ئارامیر، هەروەها گوتیشی «قسەم لەگەڵ چەندین پاڵەوانی بەناوبانگ کردووە لە کچان و لە پیاوان، کە ئەمریکی و مالیزی و سەنگافوری و رووسین، ئەوان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە».

لەبارەی ئەوەی کە چەند پارەی بۆ ئەو کارە پێویستە، ئەم پاڵەوانە کوردە گوتی «سەرجەم تێچووی پاڵەوانیەتییەکە تەنیا 15 هەزار دۆلارە، داوامان لە وەزیری رۆشنبیری و چەندین شوێنی دیکە کردووە بۆ ئەوەی ئەم پاڵەوانیەتییە بەڕێوەی ببەین». ئەو هەروەها گوتیشی «لە رێگەی رووداوی وەرزشییەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەر لایەنێکی پەیوەندیدار یاخود دەزگا حزبییەکان، کۆمپانیا، هوتێل و هەر شوێنێک بتوانێت سپۆنسەرمان بکات ئێمە کارێکی زۆر باش بۆ کوردستان دەکەین، ئەم پاڵەوانییەتییەش بە ناوی پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستان دەکەینەوەو دەنگۆیەکی زۆر گەورە دروست دەکات، چونکە ئەم یارییە لە ئاستی جیهان خاوەن هەوادارێکی زۆرە».

کاپتنی یانەی داڵکوردی سوێدی..

# هەتا هەڵبژاردەی کوردستان هەبێ یاری بۆ عێراق ناکەم



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

پێشڕەو عەزیز، کاپتنی یانەی داڵکوردی پلە دووی خولی ستاری سوێدی، بە (رووداوی وەرزشی) رایگەیاند یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق ناکات تاوەکو هەڵبژاردەی کوردستان هەبێت و گوتیشی «ئامادەم بە شانازییەوە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم».

پێشڕەو عەزیز، یاریزان و کاپتنی داڵکورد، یانە کوردییەکەی سوێد، کە ئێستا لە خولی پلە دووی سوێدی یاری دەکات، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە چەند یانەیەکی عێراق و کوردستان داوایان لێکردووە یارییان بۆ بکات، بەڵام بۆی نەگونجاوە و گوتی «تاوەکو ئێستا بڕیاری کۆتایم نەداوە لەسەر یاریکردنم لە کوردستان، چونکە ئێستا پەیوەستم بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ داڵکورد هەمە، دەمەوێت هەموو هەوڵێک بدەم بۆ ئەوەی داڵکورد بگەیەنینە خولی پلە یەکی سوێدی». پێشڕەو گوتیشی «زۆر شانازی بە داڵکوردەوە دەکەم، لەبەرئەوەی تیپێکی کوردییە».

لەبارەی یاریکردنی بۆ یانەکانی کوردستان، پێشڕەو عەزیز گوتی «ئەمساڵ 3 جار هەوڵمداوە پەیوەندی بە یانەیەکی کوردستانەوە بکەم و یاری لە خولی پلە نایابی کوردستان بکەم، بەڵام بۆم نەگونجاوە. هەروەها لە خولی عێراقیش داوایان لێکردوومە یاری بکەم، بەڵام لەویش بۆم نەگونجاوە، چونکە دەبێ ئێستا لەگەڵ یانەکەی خۆم بەردەوام بم».

پێشڕەو، کوردەو دایک و باوکی خەڵکی

**«چەند یانەیەکی سوێدی داوایان لێکردووم یارییان بۆ بکەم»**

رۆژهەڵاتی کوردستانن، ماوەیەکیش لە هەولێر ژیاوە، بەڵام بەهۆی خانەوادەکەیەوە ئێستا لە سوێد ژیان بەسەردەبات و یەکێکە لە ئەستێرەکانی خولی پلە دووی سوێدی. ئەو بیری کوردستان دەکات و دەڵێت «رۆژێک هەر دادێت بگەڕێمەوە کوردستان و خزمەت بە وەرزشی کوردستان بکەم، هەر کاتێکیش هەڵبژاردەی کوردستان ئامادەکرا بۆ پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە ئامادەم راستەوخۆ پەیوەندی بە هەڵبژاردەکەوە بکەم، بە شانازییەوە درێسی هەڵبژاردەکەم لەبەردەکەم».

سەبارەت بەوەی ئەگەر داوات لێبکرێت یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکەی، رازی دەبی؟ ئەو گوتی «لە راستیدا جارێک بەدواداچوونیان بۆ من کردبوو، بەڵام من دوای ئەو هەواڵە نەکەوتم، چونکە ئێستاش دەڵێم هەتا هەڵبژاردەی کوردستان هەبێت ئامادە نیم یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکەم».

ئەو لەبارەی یانەکانی سوێدیشەوە، گوتی «3 بۆ 4 یانەی سوێدی داوای گرێبەستیان لێکردووم، بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بۆ یانەی دڵکورد ئامادە نەبووم یانەکەم جێبهێڵم».


KOREK Telecom

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن



ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە کاتژمێر 1ی شەو تاکو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەکی زیدە.

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێت کە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بکەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (450)
سێشەممە 2017/5/23




## ڕازیکردنی دۆن

زۆر لە چاودێران پێیانوایە گەورەترین دەستکەوتی زیدان لەم وەرزەدا، لەگەڵ ڕاهێنەری توانای جەستەیی ئەنتۆنیۆ بینتۆس ئەوەبوو، توانیان باوەڕ بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی تەمەن 32 ساڵان بێنن، کە مەرج نییە لە هەموو یارییەکاندا یاریبکات، بۆ ئەوەی توانای جەستەیی خۆی بپارێزێت و لە ڕووی جەستەییەوە ئامادەبێت ریال لەسەر کۆڵی خۆی هەڵگرێت، هەر ئەوەش ڕوویدا، کە دۆن بە پلانەکەی زیزۆ ڕازی بوو، ئەنجامی ئەوەش بە ڕوونی لە ڕۆناڵدۆدا دەرکەوت، دوای ئەوەی توانی 8 گۆڵ لە بایرن میونشن و ئەتلەتیکۆ مەدرید تۆمار بکات و نازناوی لالیگاش بۆ ریال مەدرید بباتەوە.

### تەنیا بەخت بەس نییە..




# نهێنی تۆپە پانەکانی ریال مەدرید

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

هەندێ کەس شێوازی بردنەوەکانی ریال مەدرید بە بەخت وەسف دەکەن، هەندێکیش باسی تۆپە پانەکان دەکەن وەک چەکە کوشندەکەی تیپەکەی زیدان بەرامبەر هەمووان. چاودێران دەڵێن «بەخت بەس نییە بۆ ئەوەی ریال مەدرید بتوانێت ببێتە پاڵەوانی لالیگا و بگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، بەڵکو لەلایەن زیدانی ڕاهێنەرەوە کارێکی زۆر کراوە بۆ گەیاندنی تیپەکەی بەم ئاستە».

دوور لە بۆچوونی نەرێنی و ئەرێنی، دەبێت دان بە بەهێزی مێرینگێ لە تۆپی هەوایی و سەرکەوتنی بەسەر ڕکابەرەکانی لەو بوارەدا بنرێت، کە چەندین یاری ئاڵۆزی بەو شێوەیە یەکلاییکردووەتەوە، بەڵام ئەو شتە ئەوەندە ئاسان نییە، وەک زۆربەی سەوداسەران بۆی دەچن، چونکە ئامادەکردنی هەموو قۆناخەکانی یاریکردن، تاوەکو گەیشتن بە تۆپی پانی، هەموویان پەیوەستن بە لایەنی تەکتیکی و بڕی نەرمییەکەی، لە ڕێگەی دەستەیەکی هونەری تەواوەوە.

### ژمارەی پێوانەیی

یانەی شاهانە 27 گۆڵی لە لالیگا لە تۆپی جێگیر تۆمارکردووە، 6 لێدانی سزا، 2 گۆڵ لە ماوەی دوور، 9 تۆپی بە پانی و 11 لێدانی

> «کاتێک کرۆس یان مۆدریچ یاری ناکەن ریال نیوەی هێزی خۆی لەدەستدەدات»

گۆشە. ژمارەیەکی تۆقێنەرە، ئەگەر لەگەڵ هەموو تیپەکانی دیکەی لالیگا بەراوردی بکەی، هەمان شت لە چامپیۆنزلیگیش، کە یاریزانەکانی 5 گۆڵیان لە تۆپی جێگیر تۆمارکردووە، لەوانە 3 گۆڵ بە لێدانی گۆشەیە. بە قسەکردن لەسەر پسپۆڕایەتی ژمارە، یاریزانانی ریال مەدرید 27 گۆڵیان بە سەر تۆمارکردووە لە لالیگا، لەگەڵ 8 گۆڵی دیکە بەسەر لە چامپیۆنزلیگ، ئەو ئامارانەش سەرکەوتنی تیپەکە لە ناوچەی نێوان چەق و بەرگریکارەکانی دووپات دەکاتەوە، واتە ئەو 30 مەترەی، کە گۆڵ و خوارووی بازنەی ناوەند لە یەکدی جیا دەکاتەوە، بەمەش هێڵی ناوەڕاست تۆپ لە قاچەوە بۆ قاچ دەگوازێتەوە، تاوەکو بۆشاییەکی پێویست دروست دەکات، بۆ ئەوەی تۆپەکە بۆ لاباڵی دوور لە چاودێری بنێرن.

کاسیمیرۆ ڕۆڵی پچڕێنەری تۆپ دەبینێت، بەمەش ژمارەیەکی باش هەڵەی ڕەوا و ناڕەوا دەکات، کە کارفاخال دەچێتە پێشەوە کاسیمیرۆ لای ڕاست پڕ دەکاتەوە، لە کاتی لە دەستدانی تۆپیش لەلایەن یاریزانێکی ناوەڕاست، بە خێرایی دەگەڕێتەوە قوڵایی چەق، بۆ ئەوەی بە خێرایی ڕابکات، لەگەڵ پچڕاندنی لە ناکاوی بە ئاراستەی ناوچەی سزا، بۆ کردنەوەی گۆشەی پاسدان بەرامبەر ئەو یاریزانەی تۆپی لایە، بەڵام هەموو سوودەکانی ئەو یاریزانە، بە ناوەندیی دەمینێتەوە، بە بەراورد بە دووانەی لێهاتوو، لۆکا مۆدریچ و تۆنی کرۆس، مێشکی تەگبیرکەری هەموو سەرکەوتنەکانی یانەکەی پایتەخت.

### باڵادەستی ناوەڕاست

داڤید گارسیا ڕەخنەگری شارەزا لە تۆپی پێی ئیسپانیا، ئەو دووانەیە بە ئەندازیاری ڕاستەقینەی سەرکەوتنەکانی مەدرید وەسف دەکات، لەگەڵ ڕیزی تەواو بۆ هەردوو لاباڵ کارفاخال و مارسیلیۆ لە ڕاست و لە چەپ، ئەو دوو ئەستێرەی ناوەڕاست، لە دوورەوە کۆنترۆڵی شوێنە بۆشەکان دەکەن، لەگەڵ ڕێکخستنی پاسەکان، تاوەکو دەگاتە یاریزانی مەبەست لە کاتی گونجاو، لەگەڵ ماوەی گونجاو، بۆ لێدانی ڕکابەرەکان لە خوارووی باڵەکان، وەک نەریتێک لە زۆربەی یارییەکانی ڕابردوودا. ئەریگۆ ساکی لە هەڤپەیڤینێکی پێشووتردا دەڵێت «هەموو یاریزانێک لەسەر یاریگە، دەبێت بیر لە 4 شت بکاتەوە، تۆپ، ڕووبەر، ڕکابەر و هاوڕێ. هەموو بەشێک دیاری دەکات، یاریزانێک لە کاتی بەرگریکردن لە کوێ جولە بکات، لە کاتی هێرشبردنیش کەی پاس دەدات». لە حاڵەتی ریالدا، کرۆس تۆپی پان لە ناوەڕاستەوە بۆ باڵەکان دەنێرێت، لەگەڵ سەرکەوتنی مۆدریچ لە بڕینی هێڵەکانی تیپی بەرامبەر بە یارییێکردن، یان پاسدانی دووانە لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە (پاسی یەک و دوو). تەنانەت لە حاڵەتی بەرگریکردنیشدا، هەردوو یاریزان لە باڵەکانی ناوەڕاست دەوەستن، لە قوڵایی نا، بەڵام لە شوێنی تەنکایی، بۆ پچڕاندنی هێرشی هەڵگەڕاوە، بەر لە بڕینی هێڵی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەنجامدانی ئەوەی لە ڕووی تەکتیکییەوە بە (کۆنتەر پرسینگ) ناسراوە. کە کرۆس یان مۆدریچ یاری ناکەن، ریال نیوەی هێزی خۆی لەدەستدەدات، ڕاستە کاسیمیرۆ ڕۆڵێکی بەرگریکردنی گرنگی هەیە، بەڵام بە هیچ جۆرێک بە دوو هاوڕێیەکەی بەراورد ناکرێ، چونکە زیدان پشت بە هێڵی هێرشبردنی ناوەڕاستی دەبەستێ، تاوەکو شتێکی نزیک لە (ماشە) دروست بکەن، بە نزیکبوونەوەی هێڵەکان لە نێوان خۆیان و دوو هێرشبەرەکە، ئەو شێوازی یاریکردنە بە SWITCHING PLAY یان هەڵگێڕانەوەی هێرش لە لایەکەوە بۆ لایەکەی دیکە ناسراوە. کارفاخال لەلای ڕاست تۆپی زۆر وەردەگرێ، لە ڕێگەی پاسە زیرەکەکانی کرۆس لە چەپەوە بۆ ڕاست، ئەوکاتەی ئیسکۆ، بنزیمە و مارسیلۆ لەگەڵ کرۆس لەهەمان لا دەبن، تیپی بەرامبەر چاو دەخاتە سەر ئەوەی هەموو گۆشەیەکیان لێ دابخات، بەڵام بە پاسێک بۆ لایەکەی دیکە،

> «لەلایەن زیدانەوە کارێکی زۆر کراوە بۆ گەیاندنی تیپەکەی بەم ئاستە»

لەگەڵ خنکاندنی تیپی بەرامبەر بە نزیکی 6 یاریزان لە شوێنێکی تەسک، لەگەڵ دوو لاباڵەکە لەسەر هێڵی یاریگە.

### دڵی یاریکردن

کۆمەڵێک پاس لە لایەکی یاریگە (لای ڕاست)، یەک دوو سێ، لە هێکرا پاسێک بە پانی بۆ لایەکەی دیکە، لەوێش لافاوێکی سپی بەرەو تۆپ. تیپێکی وەک سێلتاڤیگۆ چاو دەخاتە سەر یەک لا، کەچی لەلایەکەی دیکە ڕووبەڕووی 4 یاریزان دەبێتەوە، ئەو ژمارەیەش هەندێجار بۆ 5 و 6 یاریزان بەرز دەبێتەوە، بەر لە چاودانە سەر پچڕاندنی تۆپ لەو یاریزانەی تۆپەکەی لایە، ڕاستەوخۆ تۆپەکە بە پاسێکی پانی لەناکاو، بۆ لایەکەی دیکە دەنێردرێ، کارفاخال خۆی بەرامبەر هەڵوێستی یەک بەرامبەر یەک دەبینێتەوە، یان یاری پێدەکات و دێتە نێو هێڵی سزا، یانیش تۆپێک بە پانی بۆ هێرشبەران بەرامبەر گۆڵ دەنێرێ. مارسیلۆس لەلای چەپ بەهەمان شێوە سەرکەوتووە، لە ڕێگەی یارییێکردنی خێرا و چوونە ژوورەوە، دوای هاتنە پێشی بۆ مۆدریچ لەلای ڕاست و نزیکبوونەوەی کاسیمیرۆ لێی، هەوڵی کاریگەری خستنە سەر ڕکابەران، بەوەی ناچاریان بکەن یەک لایەنی یاریگە داپۆشن، بۆ ئەوەی لەناکاو هێرشەکە بکەوێتە لایەنی کوێری دوور لە وێستگەکانی چاودێریکردنەوە. ریال مەدرید هەموو یارییەک ئەمە دەکات، بۆ ئەوەی ئاکاری بەرزکردنەوەی تۆپی پانی بێ کێشە یان شان لێدان یان هیلاکی بەدەستبێنێت، ئەوە باشترین وەسفکردنە بۆ شێوازی هێرشبردنی ئەو تیپە.

### زەینەدین زیدان بە کارکردن لەسەر 4 لایەن..

# لالیگای بردەوەو گەیشتە فینالی چامپیۆنزلیگ

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

زەینەدین زیدان، لە هەموو ڕوویەکەوە بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی وەک ڕاهێنەر بەجێگەیاندووە، بۆیە تیپەکەی توانی ببێتە پاڵەوانی لالیگا و گەیشتووەتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ. چاودێران پێیانوایە زیدان بە کارکردن لەسەر 4 لایەن وایکردووە تیپەکەی سەرکەوتوو بێت:

### 1 ـ توانای جەستەیی

لەوەتەی زیدان لە 2016/1/4 بووەتە ڕاهێنەری ریال مەدرید، ئەو ڕاهێنەرە فەرەنسییە لە بوونی یاریزانەکانی ئێستا لە تیپەکە هیچ نیگەران نەبووە، بەکردەوە توانی نازناوی ژمارە 11 بەدەستبێنێت، بەڵکو هاوینی ڕابردوو، داوای لە کارگێڕی یانەکەی کرد، گرێبەست لەگەڵ ئامادەکاری جەستەیی (ئەنتۆنیۆ بینتۆس) واژوو بکات. ئەو ڕاهێنەرە ئیتاڵییە لە سەرەتای وەرزدا، هەوڵێکی زۆری لەگەڵ یاریزانەکان دا، بۆ ئەوەی توانای جەستەییان بەرز بکاتەوە، بەو پلانەشی توانی ڕێگە لە دارمانی جەستەیی یاریزانان بگرێت، دوای پشووەکانی سەری ساڵ، وەک ئەوەی ساڵی ڕابردوو لەگەڵ ئەنچیلۆتی ڕوویدا.

### 2 ـ یاریکردنی بەنۆرە

زیدان توانی دوو تیپ لە ریال مەدرید دروست بکات، وەک هەندێک پێیانخۆشە، پلانی بەنۆرە یارییێکردنی یاریزانەکان لە یارییەکانی ئەو وەرزە بەو ناوە بنێن، ئەوەش کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی کاری زیدانە، بۆ ئەوەی بگاتە 24 یاریزان لە پێکهاتەی تیپەکە، هەموو ئامادەن بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەستێت. یاریزانە کاریگەرەکانی لە هەندێ یاری ئاسان دوورخستەوە، نەیخستنە مەترسییەوە، واش دەرکەوت، وەک ئەوەی لە لالیگا بە تیپێک و لە چامپیۆنزلیگش بە تیپێک یاری دەکات، بەهۆی شیاندنی یاریزانەکانی لەسەرەتای وەرزەوە.

### 3 ـ بایەخدان بە دەروونی یاریزانانی

وەک چۆن بەرگریکاری ریال مەدرید ناچۆ دووپاتیکردەوە «زیدان ڕاهێنەرێکی گەورەو پزیشکێکی دەروونی مەزنیشە»، ئەو ڕاهێنەرە توانیویەتی بگاتە هەموو کێشە دەروونییەکانی یاریزانەکانی، چونکە خۆی پێشتر یاریزان بوو و پێشتر ئەو ئەزموونانەی دیوە، بۆیە لە هەموو کات و بارودۆخێک پشتیوانی یاریزانەکانی بوو، هەروەها توانی ئاگری ئاشووبی زۆربەی کێشەکان دامرکێنێتەوە، هاوشێوەی کێشەکەی ئیسکۆ، مۆراتا و جیمس، کە دەیانویست خولەکی زیاتر یاری بکەن.

> «زیدان ڕاهێنەرێکی گەورەو پزیشکێکی دەروونی مەزنە»

### 4 ـ گۆڕانکاریی گونجاو

زۆر کەس ڕەخنەیان لە زیدان گرت، بەوەی لە کاتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە یارییەکاندا، ئەزموون و زانیاری نییە، بەڵام لە چامپیۆنزلیگدا، زیدان توانای خۆی لە گۆڕانکارییە کاریگەرەکان سەلماند، هاوشێوەی ئەوەی بەرامبەر سپۆرتینگ لشبۆنەی پورتوگالی و بایرن میونشن کردی، کە پشتی بە یەدەگەکان ئەسینسیۆ، ڤاسکیز، ئیسکۆ و جیمیس بەست، لەجیاتی بنزیمە، کرۆس و ڕۆناڵدۆ. ئەو دووپاتیکردەوە کە لە ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکاندا زۆر بەتوانایە.

# یوڤانتۆس.. چیرۆکی عیشقێکی بێ کۆتایی لەگەڵ نازناوەکان

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

وەک هەموو جارێ، یانەی یوڤانتۆس توانی نازناوی خولی ئیتاڵیای 2016 ـ 2017 بباتەوە، کە بەر لە چەند ڕۆژێک جامی ئیتاڵیاشی بەرزکردەوەو دوای چەند ڕۆژێکیش یاری فینالی چامپیۆنزلیگ لە بەرامبەر ریال مەدریدی ئیسپانی دەکات، بۆ بردنەوەی نازناوی ئەورووپاش.

یانەی خانمە پیرەکەی ئیتاڵیا خاوەنی چیرۆکی عیشقێکی بێ کۆتاییە لەگەڵ نازناوەکان. ئەو یانەیە بۆ یەکەم تیپ لە مێژووی کالچیۆدا نازناوی خولەکە بۆ شەشەم ساڵ بەسەریەکەوە بباتەوە، یەکەم یانەی ئیتاڵیشە 3 ساڵ بەدوای یەکەوە نازناوی جام و خولی ئیتاڵیا پێکەوە بباتەوە.

یوڤانتۆس نازناوی ژمارە 51ی خۆی لەناوخۆی ئیتاڵیا بردەوە، کە نازناوی ژمارە 61 بوو لە سەرجەم خول و پاڵەوانیەتییەکاندا.

ماسیملیانۆ ئالیگری ڕاهێنەریش حەفتەم نازناوی خۆی لەگەڵ ئەو یانەیە بەدەستهێنا، کە تاوەکو ئێستا لە 164 یارییدا سەرپەرشتی یۆڤی کردووە، 115 جار سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لە 28 یاریشدا یەکسان بووەو 21 یاری دۆڕاندووە. یۆڤییەکەی ئالیگری 309 گۆڵی کردووەو 109 گۆڵی لێبووە.

جیانلویجی بۆفۆن، ئەفسانەی ئەو یانەیەش بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی کالچیۆدا کە 8 نازناوی ئەو خولە بباتەوە. ئەو دەڵێت «ئێمە ئالوودەبووین بە بردنەوەی نازناوەکان». بۆفۆن ئەمساڵیش ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە سەرکەوتنەکانی خانمە پیرەکەو هەوادارانی ئەو یانەیە هیوایەکی زۆریان پێیە کە لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگیشدا ببێتە شوورەیەکی پۆڵایین لەبەردەم ڕۆناڵدۆ و هاوڕێکانی بۆ بردنەوەی نازناوە ئەورووپییە هەرە بە نرخەکە. ئەگەر بۆفۆن ئەوەی کرد بێگومان دەبێتە نزیکترین پاڵێوراو بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر و زێ بێست، ئەگەرچی خۆی ڕایگەیاند بردنەوەی نازناو بۆ یوڤانتۆس لای ئەو گرنگترە لە خەڵاتی تاکە کەسی. ئەو گوتی «با کەس خێرم پێنەکات، ئەگەر شایەنی باڵۆن دۆر بم خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بەدەستیبێنم، بەڵام ئەگەر شایەنی نەبم با کەس خێرم پێنەکات، من دیاری وەرناگرم».




**بۆفۆن: با کەس خێرم پێنەکات**

KOREK



## ڕاستە

ڕۆژنامەی دایلی ستاری بەریتانی لەسەر زاری سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە دەڵێن ئەو یانەیە هەوڵ بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ لۆکا مۆدریچی یاریزانی کرواتی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی دەدات. لەو بارەوە دایلی ستار نووسیویەتی «ڕاستە، سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی میلان پێیڕاگەیاندین ئەو یانە ئیتاڵییە لە هەموو ڕوویەکەوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی مۆدریچ دەدات، هەرچەندە یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانیش هەوڵ بۆ هەمان ئامانج دەدات».



ر
مێس

پێکانی گاریس بەیڵ سوودی بۆ ڕیال مەدرید هەبووە..

# ئیسکۆ حەشر دەکات



رووداوی وەرزشی ـ Gulf News

یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی سوودێکی زۆری لە ستراتیژیەتی (دارستانی قاچەکان) لەنێو هێڵی سزا وەرگرتووە، کە مانای بوونی زۆرترین ژمارەی یاریزانانە لەنێو هێڵی سزا، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو تۆپانە بە پانی دەنێردرێن، بۆ ئەمەش ئیسکۆ کاریگەرترین ڕۆڵ دەبینێت.

ڕۆناڵدۆ بەمدواییە وەک هێرشبەر یاری دەکات، نەوەک لاباڵ یان یاریدەدەری هێرشبەر وەکجاران، بەمەش ڕۆناڵدۆ دەچێتە تەک بنزیمەو لەوێ لەپێش گۆڵ دەبنە دووانەی هێرشبەر، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تۆپانەی بۆ سەر دەنێردرێن، زێدەباری بوێری مارسیلۆ لە چوونە نێو هێڵی سزاوە، وەک ئەوەی لە گۆڵی بردنەوە بەرامبەر ڤالێنسیا ڕوویدا، ئەو بەرگریکارە بەرازیلییە وازی لە شوێنی خۆی لەسەر هێڵ هێنا و خۆی چووە شوێنی هێرشبەران، بۆ شووت لێدان و گۆڵ تۆمارکردن.

لەگەڵ ئەو ئاکارە هێرشبەرییە کارایە، سەرکەوتنیش بەدیدێت، بۆ ئەوەی ببێتە هاوشانی زیزۆ و تیپەکەی، پێکانی گاریس بەیڵ باشترین شێواز بوو، بۆ چارەکردنی کێشەکانی تیپەکە، بەرامبەر ئەو تیپانەی لە پشتەوە بەرگری دەکەن، بەهۆی ئەستەمی گەیاندنی تۆپ بۆ BBC، تەنیا لە ڕێگەی مۆدریچ و کرۆسەوە، چونکە بۆشاییەکان کەمتر دەبن و ناردنی پاسە کەمەرشکێنەکانیش بۆ هێڵەکان دەگمەن دەبوو، بۆیە پێویستی بوونی یاریزانێکی دیکە لە نێو هێڵەکان زیاتر بوو، کە یاریزانی بلیمەت ئیسکۆ ئەو ڕۆڵە دەبینێت، لە ئاکامی سەرکەوتنی لە فاکتەری یاریپێکردن و کارامەیی لە بەستنەوەی نێوان ناوەڕاست و پێشەوە. ڕۆناڵدۆش بەشێکی زۆری لە درەوشانەوەی خۆی لەدەستداوە، خێرایی و هێز و بەهرە لە جاران کەمتر بووە، بەڵام لە شوێنی گونجاودا گۆڵ تۆمار دەکات، بۆیە ڕیال مەدرید هەموو باڵادەستی خۆی خستووەتە ناوەڕاست و لاباڵەکان، بۆ خزمەتکردنی ئەستێرەی یەکەمی، بە یاریکردن بە زۆرترین پاسی نێوان و ناردنی تۆپ بە پانی بۆی، تاوەکو بەشێوەیەکی ژیرانە بوەستێ و خۆی لە چاودێری بدزێتەوە و گۆڵ تۆمار بکات، کە لە مانگی یەکلاییکەرەوەدا ڕیالی خستە باشترین ڕەوشەوە.



نهێنییەکانی خۆی لە کتێبی "لەدوای خەندە"دا ئاشکرا دەکات..

# گریزمان سەرسامە بە ئایینی ئیسلام و نوێژەکانی پۆگبا

ئا: رووداوی وەرزشی

ئەنتوان گریزمان، ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، لە کتێبە 277 لاپەڕەیەکەی خۆیدا بە ناوی «لەدوای خەندە»، کە خۆی بە هاوکاری ئارنۆ ڕامزی ڕۆژنامەنووس نووسیویەتی و ئێستا لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت، کۆمەڵێک نهێنی ژیانی خۆی ئاشکرا دەکات. (رووداوی وەرزشی) هەندێک لەو نهێنییە سەرنجڕاکێشانەی گریزمان دەکاتە کوردی. گریزمان لەو کتێبەیدا باس لەوە دەکات کە چۆن بە منداڵی لە یانەی ڕیال سۆسیدادی ئیسپانی تۆپەکانی کۆدەکردەوەو دەڵێت «لە یارییەکدا کە زەینەدین زیدان یاری بۆ یانەی ڕیال مەدرید دەکرد، داوای درێسەکەم لێکرد، بەڵام وا دیاربوو لەگەڵ یاریزانێکی تیپی بەرامبەر گۆڕیبووەوە، بەڵام کاتێک بینی نیگەران بووم پێیگوتم بەدوای مندا وەرە، وامزانی وێنەیەکی خۆی یان ئۆتۆگرافێکم پێدەدات، بەڵام ئەو شۆرتەی پێدام کە یاری پێدەکرد، ئەوکات لە خۆشییان باوەڕم بەوە نەدەکرد کە دەیبینم». لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا، گریزمان باس لەوە دەکات کە کوڕێکی دیندارەو ئەو سیفەتەشی لەدایکییەوە وەرگرتووە، کە وەک خۆی دەڵێت «دایکم ئافرەتێکی کاسۆلیکی زۆر دیندارە». نەک ئەوە بەڵکو گریزمان باس لەوەش دەکات کە زۆر سەرسامە بە ئایینی پۆل پۆگبای هاوڕێی لە هەڵبژاردەی فەرەنسا، کە موسڵمانە. گریزمان لەو بارەوە لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی «زۆر سەرسامم بەو نوێژانەی پۆل پۆگبا وەک موسڵمانێک دەیکات، هەروەها زۆر سەرسامم بەو گۆشتەی کە پۆگبا لە کاتی میوانداریکردنماندا پێمدەدات، ئەو هەمیشە زۆر بایەخ بە کڕینی ئەو گۆشتانە دەدات کە بەپێی ئایینی ئیسلام حەلالن».

گریزمان باس لەو شەوەش دەکات کە لە 2015/11/13 هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر هۆڵی باتاکلان بۆ ئاهەنگەکان لە پاریس و نووسیویەتی «ساتەوەختێکی زۆر زەحمەت و ناخۆش بوو، دایک و باوکم بە تەلەفۆن پێیانگوتم خوشکەکەت لەو هۆڵەدایە، تەلەفۆنم بۆی کرد وەڵامی نەبوو، زۆر ترسام، ئەمجارە بە دەنگێکی نزم وەڵامی دایەوەو بێدەنگ بوو، ترسم زیاتر بوو».

ئەستێرەی فەرەنسی لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا ڕاشکاوانە باس لە تووڕەبوونی خۆی لە یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزیش دەکات، لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێت «درۆی لەگەڵیدا کردووە». گریزمان لەو بارەوە نووسیویەتی «هەرگیز یاری بۆ یانەی ئارسیناڵ ناکەم، چونکە لە کۆتایی وەرزی 2012 ـ 2013دا پەیوەندییان پێوەکردم و داوای گرێبەستیان لێکردم، کەچی لە هێکڕا هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵمدا بڕی بێئەوەی ڕوونکردنەوەیەک بدەن و گرێبەستم پێشکەش بکەن، من ئەو کەسانەم خۆشناوێ کە بەڵێن دەدەن و نایبەنە سەر».



"ئەوکاتەی زیدان شۆڕتی
"هەرگیز یاری بۆ ئارسی

"ئەگەر زیاتر لە پارەی پۆگباشی پێبدات هەر قازانج دەکات"

# هازارد وەک نمایشکاری جلوبەرگ دەچێتە ڕیال

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

گیوم بالاگ، کە ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئیسپانییە، لە وتارێکدا باس لە ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیکی یانەی چێڵسی ئینگلیزی دەکات و دەڵێت «سەرۆکی ڕیال مەدرید ئەستێرەکان وەک نمایشکاری جلوبەرگ دەکڕێت».

گیوم بالاگ، لە وتارەکەیدا دەڵێت «قسەکردن لەبارەی هازارد و ئایا لە چێڵسی دەمینێتەوە، یان دەچێتە ڕیال مەدرید، بە چاوپۆشین لەوەی کۆنتی، پیرێز یان خودی هازارد چییان گوتووە. بەڵام ئەو هەموو فشارە لە پێناوی هێنانی هازارد، وایکرد پشکەکانی لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە هەڵکشێن». هەروەها دەشڵێت «گومان لەوەدا نییە، هازارد یەکێکە لە ئەستێرەکانی ئێستای تۆپی پێ، بەڵام شێوازی گرێبەستکردنی ڕیال مەدرید لەگەڵ یاریزانان، وەک گرێبەستکردنی هیچ تیپێکی دیکە لەگەڵ ئەستێرەیەکی دیاریکراودا نییە، بۆ نموونە پیرێز بەر لەوەی گرێبەست لەگەڵ یاریزانێک بکات، دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە دەتوانێت بەهای گرێبەستەکەی لە بازاڕیکردنی پڕ بکاتەوە، ئینجا چ لە ڕێگەی فرۆشتنی درێسەکانی، یان وێنەکانی، یان گرێبەستی دیکە بێت، کە وا لە یاریزانی ڕیال مەدرید دەکات، وەک نمایشکاری جلوبەرگ بێت، زیاتر لەوەی یاریزانی تۆپی پێ بێت». ئەو لە درێژەی وتارەکەیدا نووسیویەتی «کە گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانە نێودەوڵەتییە بەلجیکییە واژوو دەکەی، بێشک لەسەر یاریگە شتی باشت بۆ دەکات، چەندین ئەستێرەی دیکەش هەن، کە دەتوانن شتی زیاتر پێشکەشی یانەی شاهانە بکەن، بەڵام هەمان هەرای ڕاگەیاندنی دەبێت وەک هازارد؟ پێم وانییە وابێت، هەندێک دەڵێن پیرێز دەیەوێ گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەیەکی تازە بکات، تاوەکو ئەوجارەش لە هەڵبژاردنەکان بباتەوە، من وەک خۆم پێموایە بێ دەستەوارەکەی هازاردیش هەر دەیباتەوە، بەڵام لە ڕووی داراییەوە، ڕیال مەدرید سوودێکی زۆر لە ئیدین دەکات، تەنانەت ئەگەر بە بڕە پارەیەکی زیاتریش لە گرێبەستی مانچێستەر یونایتد لەگەڵ پۆگبای پێبدات».

## جوانترین لێدوان



هەڵسەنگاندنی من بۆ ناوبژیوانانی ئەم وەرزەی لالیگا 9 لەسەر 10یە، بڕواش ناکەم هەڵەکانی ناوبژیوانان لە بەرژەوەندی ڕیال مەدریددا بووبن

خاڤێر تیباس
(سەرۆکی ڕابیتەی لالیگا)



لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵ مێسی نییە، ئەو زۆر قسە ناکات، تەنیا تەرکیز لەسەر خۆی دەکات

پاولۆ دیبالا
(ئەستێرەی یانەی یوڤانتۆس)



وابزانم شێتم، چونکە جارێکیان زیدان تەلەفۆنی بۆکردم بۆ ئەوەی بمباتە ڕیال مەدرید، پێمگوت دواتر قسە دەکەین، ئێستا سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانی زانکۆم

ڕافایێل ڤاران
(بەرگریکاری یانەی ڕیال مەدرید)



زۆر زەحمەتە بتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە جارێکی دیکە نازناوی چامپیۆنزلیگ لەدەستبدەین

جیانلویجی بوفۆن
(کاپتنی یانەی یوڤانتۆس)



پریمەرلیگ زەحمەتترین خولی تۆپی پێیە لە جیهاندا، تەنانەت ئەگەر بایرن میونشنیش لەو خولە یاری بکردایە نەیدەتوانی نازناوەکە بباتەوە

یۆرگن کلۆپ
(ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول)



هێشتا هەموو یانەکانی پریمەرلیگ ئاستیان زۆر دوورە لە ئاستی بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید و بایرن میونشن

ریۆ فێردیناند
(کاپتنی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



## شوورەی پۆڵایین

راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکانی ئیسپانیا دووپاتیدەکەنەوە، یانەی بارسێلۆنا هەوڵدەدات گرێبەست لەگەڵ یاریزان یارای ئەلڤارێز واژوو بکات، کە بە کارلێس پویۆلی نوێ ناسراوە. ئەلڤارێز لە ریزەکانی ئەتلەتیک بلباوی ئیسپانی یاریدەکات، وەرزێکی نایابیشی لەگەڵ تیپەکەی باسک پێشکەشکردووە، بۆیە کەوتووەتە نێو خولگەی بارساوە. مەرجی سزایی ئەلڤارێز لەگەڵ بلباو 30 ملیۆن یۆرۆیە، کە بارسا دەبێت بیدات، ئەگەر بیەوێ بێ دانوستان لەگەڵ یانەکەی بیباتە ریزەکانییەوە. ئەو یاریزانە 22 ساڵانە بە شوورەی پۆڵایینی بلباو لە دوایین دوو وەرزدا دادەنرێت.

پۆگبا، کانتی، موستافی، مانی، تۆرێ و ئۆزێل دیارترینیانن..

# پرێمەرلیگ 50 یاریزانی موسڵمانی هەیە



«هۆکاری زۆری یاریزانانی موسڵمان لە پریمەرلیگ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جیاکاری لەسەر بنەمای ئایین لە بەریتانیا نییە»

ئا: رەمزی میرەکانی

ماڵپەڕی زە موسلیم فیپ، لیستێکی بەناوی ئەو یاریزانە موسڵمانانە ئاشکرا کردووە، کە لە خولی نایابی ئینگلیزی یاری دەکەن. لەو لیستەدا دەردەکەوێ ژمارەی یاریزانە موسڵمانەکان خۆی لە 50 یاریزان دەدات، کە لە ریزی 18 یانە لە پرێمەرلیگ یاری دەکەن.

بە گوێرەی راپۆرتی ماڵپەڕەکە، یانە گەورەکانی ئینگلتەرا هەر هیچ نەبێت یاریزانێکی موسڵمانیان هەیە، رەگەزی ئەو یاریزانە موسڵمانانەش، سەر بە هەموو سووچێکی جیهانن، هەیانە عەرەبن و هەشیانە ئەوروپین و هەندێکیشیان ئەفریقین، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یاریگەکانی ئینگلتەرا دەرگە بۆ هەمووان دەکەنەوە بەبێ جیاوازی، مەسەلەی جیاکاریش لەسەر بنەمای ئایین، لە فەرهەنگی یانەکانی ئەوێ بوونی نییە، ئەوان تەنیا بەدوای ئەو یاریزانانە دەگەڕێن، کە لە رووی وەرزشییەوە لەگەڵ پلانی ئەوان دەگونجێن.

### پۆگبا، کانتی، موستافی، مانی لیستەکە دەڕازێننەوە

ماڵپەڕی زە موسلیم فیپ، هەوڵیداوە لیستی یاریزانە موسڵمانەکان، ئەوانەی لە پرێمەرلیگ یاری دەکەن لە یەکدی جیا بکاتەوە، لە میانی پەنجە خستنە سەر رەچەڵەکیان و شێوازی باوەڕهێنانیان، بە مانەوە لەسەر رێچکەی باوک و باپیرانیان، ئەوانەی ئەو ئایینە پاکەیان هەڵبژاردووە، بەڵکو پەنجەی خستووەتە سەر یاریزانە موسڵمانە هەر گرانەکانیش، کە پۆل پۆگبای ئەستێرەی فەرەنسی یانەی مانچێستەر یونایتد، بێ رکابەر لەسەرووی لیستەکە دێت، لەنێو لیستەکەدا ناوی یاریزانی سەنیگالی سادیۆ مانی ئەستێرەی لیڤەرپوول هەیە، کە ئەویش موسڵمانە، لەتەک یاریزانی ئەڵمانی شکودران موستافی ئەستێرەی ئارسیناڵ، نگۆلۆ کانتی یاریزانی فەرەنسی یانەی چێلسی، گرانیت چاکای ئەستێرەی ئارسیناڵ و ئیلکای گۆندۆگان ئەستێرەی مانچێستەر ستی، زێدەباری یاریزانی نایجیری ئەحمەد موسای هێرشبەری لیستەر ستی، لیستەکە لە یاریزانە بەناوبانگەکانی هاوشێوەی ئەستێرەی ئەڵمانی مەسعود ئۆزێل، فەرەنسی مامادۆ ساکۆ و بەلجیکی مەروان فیلانیش بەتاڵ نییە.

> «لە رەمەزانی ئەمساڵدا دەردەکەوێت کام لەو یاریزانە موسڵمانانە بەڕۆژوو دەبێت و کامیان نا»

### عەرەب و ئەفریقییەکان زۆرینەن

هەرچەندە ناوی چەندین یاریزان لە رەگەزی ئەوروپی لەنێو لیستەکەدا هەن، کە موسڵمانن، وەک یاریزانی سویسری شاکیری و هەردوو هاوڵاتییەکەی بیهرامی و چاکا، لەگەڵ گۆڵپارێزی پۆڵەندی سەمیر بیگۆڤیچ و هەردوو ئەڵمانی ئۆزێل و موستافی و چەندانی دیکەش، کەچی لیستەکە بەزۆری لە یاریزانانی عەرەب و ئەفریقی پێکهاتووە، وەک یاریزانانی جەزائیری محرز، سلێمانی، بن ناسر، قەیدورە و فیگۆلی، لەگەڵ هەردوو یاریزانی میسری محەممەدی و سوبحی، لە مەغریب بوفال، مرابت و وریاشی، لە تونسیش خزری، لەسەر ئاستی ئەفریقیاش یاریزانەکانی سەنیگالی باڵا دەستن وەک مانی، دجیبۆلۆجی، بیرام دیوف، جای، کویاتی و نیاسی، لە دوای ئەوان راستەوخۆ یاریزانانی کۆتدیڤواری دێن وەک تۆرێ، کۆنێ و ئەرونا کۆنێ. لیستەکە ناوی ئەو یاریزانە فەرەنسیانەشی لەیاد نەکردووە، کە بەڕەچەڵەک ئەفریقی و عەرەبن.

### پاساوی بەڕۆژووبوونیان نەما

هەمیشە هەڵوێستی یاریزانە موسڵمانەکانی پرێمەرلیگ و خولەکانی دیکەی ئەوروپاش لەبارەی مانگی رەمەزان و بەڕۆژووبوونیان جیاواز بووە. هەندێکیان بەڕۆژوو نابن و هەندێکیش مەشق و یاریکردنیان لەو مانگەدا دەکەنە پاساو بۆ ئەوەی بەڕۆژوو نەبن، هەندێکیش سوورن لەسەر بەڕۆژووبوون، سەرەڕای ئەوەی مەشق و یاریکردنیان کۆشش و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت. بەڵام وادیارە بۆ ئەوانەی تاوەکو ئێستا رەمەزانیان کردبووە بیانوو بۆ بەڕۆژوو نەبوون، ئەو پاساوەیان نامێنێت، چونکە خولەکان بەر لە مانگی رەمەزان تەواو دەبن و ئەوان بۆ پشوو دەچنەوە ماڵەکانیان، بۆیە لە رەمەزانی ئەمساڵدا دەردەکەوێت کە کام لەو یاریزانە موسڵمانانە بەڕۆژوو دەبێت و کامیشیان بەڕۆژوو نابێت.



ئەگەر یۆرۆپالیگ بدۆڕێنێت..

# مان یونایتد 50 ملیۆن پاوەند زەرەر دەکات

رووداوی وەرزشی - SPORT

خۆزێ مۆرینیۆ، راهێنەری پورتوگالی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، پێش یاری کۆتایی یۆرۆپالیگ لە ژێر فشارێکی گەورە دەژی، چونکە دۆڕان تەنیا لە چێژی بەشدریکردن لە چامپیۆنزلیگ بێبەشی ناکات، بەڵکو بڕە پارەیەکی زۆریش زەرەر دەکات.

رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی روونیکردووەتەوە، مانچێستەر یونایتد بەلایەنی کەمەوە 50 ملیۆن پاوەند زەرەر دەکات، ئەگەر لە یاری کۆتایی یۆرۆپالیگدا لە یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی نەباتەوە، کە دەگاتە چامپیۆنزلیگش لە وەرزی داهاتوودا.

لە گرێبەستی یونایتد لەگەڵ کۆمپانیای ئەدیداسدا هاتووە، یانەکە ساڵانە 75 ملیۆن پاوەند وەردەگرێت، بە مەرجێک بۆ چامپیۆنزلیگ سەرکەوێت، بەڵام ئەگەر مانچێستەر یونایتد نەگاتە چامپیۆنزلیگ، ئەوکات بڕی 21 ملیۆن لە بەهای پشتیوانی ساڵانە (کە دەکاتە 30% لە پشتیوانی ساڵانە) لەدەستدەدات. هەروەها بڕی نزیکەی 30 ملیۆن پاوەند لە ئامادەنەبوونی لە چامپیۆنزلیگ لەدەستدەدات، ئەو بڕە پارانەشی لە مافی پەخشکردن تەلەڤزیۆنی، پاداشتی بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکە و خەرجی دیکە دەست دەکەوێ. کلیف باتی، بەڕێوەبەری دارایی لە مانچێستەر یونایتد دووپاتی لەسەر راستی ئەو هەواڵانە کردەوە، ئەوەش دەری دەخات، بەشداریکردن لە چامپیۆنزلیگ بۆ یانەکە چەند گرنگە.



ئاشکرابوو بۆچی حەفتەمی خولی ئیتاڵیایە..

# ئینتەرمیلان باڵ باڵێنی تێکەوتووە

رووداوی وەرزشی - SPORT

پییێر ئۆسیلیۆ، بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی دانی بەوەدا نا، لەنێو ژووری جلگۆڕینی تیپەکەیاندا باڵ باڵێن هەیە، ئاماژەی بەوەشکرد، هەر باڵێکی ئەو یاریزانانە دوورە پەرێزن و خۆی لە ئەوانی دیکە بەدوور دەگرن، ئەوەش زیانی زۆر لە نیراتزۆری دەدات.

ئۆسیلیۆ لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی فوتبۆل ئیتاڵی گوتی «لە ئینتەرمیلان بەداخەوە گیانی هاریکاری و کارکردنی بەکۆمەڵ نییە، چەند باڵی بچووکی یاریزانان هەیە، کۆمەڵەکە هەموو یەکگرتوو نییە، هەموویان تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە». هەروەها گوتیشی «ئەو باڵانە لەسەر بنەمای ئیتن یان تەمەن یان پاشخانی رۆشنبیری بەرپا بووینە، ئەوان یاریزانی خراپ نین، چ لەسەر ئاستی کەسایەتی یان هونەری، هەموویان بەیانیان دێن، خواردن دەخۆن و بەیەکەوە راهێنان دەکەن، بەڵام هەندێ شتی نەرێنی هەیە». ئەو بەڕێوەبەرە زیاتر گوتی «کەس نییە خۆی زیاد لە پێویست ماندوو بکات، ئەوەش گیانی ویست و جەنگانی کوشتووە، دەبێت رووبەڕووی ئەو نەرێنیانە ببینەوە و خۆمان لە راستییەکان لا نەدەین، دەمانەوێ گرێبەست لەگەڵ راهێنەرێکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بکەین، کە ئەو باڵانە یەکبخاتەوە، لە رووی تەکتیکیش بەتوانا بێت، بەڵام وەک دەبینی، راهێنەری بەو جۆرە کوالیتییە، لەگەڵ یانە گەورەکان دان».

کارگێڕی نیراتزۆری راهێنەر ستیڤانۆ پیۆلی لە پۆستەکەی لادا، لەبەر خراپی ئەنجامەکان، بەمەش بووە سێیەم راهێنەر لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە، دوای فرانک دی بۆر، کە لە تشرینی دووەم دوورخرایەوە و رۆبێرتۆ مانشینی، کە چەند رۆژێک پێش دەستپێکردنی وەرز دوورخرایەوە.

«تیپەکە دابەش بووەتە سەر چەند باڵێکی بچووک، کەس خۆی ماندوو ناکات»





لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك لە کورەك

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (رۆژ) |
| --- | --- | --- | --- |
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| رۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی رێنماییەکان بکە

411
korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 93 |
| 2 - بارسێلۆنا | 90 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 78 |
| 4 - سڤیلیا | 72 |
| 5 - ڤیاریال | 67 |
| 6 - ریال سۆسیداد | 64 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 63 |
| 8 - ئیسپانیۆل | 56 |
| 9 - ئالاڤێس | 55 |
| 10 - ئیبار | 54 |
| 11 - مەلەگە | 46 |
| 12 - ڤالێنسیا | 46 |
| 13 - سێلتاڤیگۆ | 45 |
| 14 - لاس پالماس | 39 |
| 15 - ریال بیتیس | 39 |
| 16 - دیپۆرتیڤۆ | 36 |
| 17 - لیگانێس | 35 |
| 18 - خیخۆن | 31 |
| 19 - ئۆساسۆنا | 22 |
| 20 - گرانادا | 20 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 37 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 28 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 25 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 19 |
| 5 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 16 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم راستەوخۆ دەگەنە چامپیۆنزلیگ. چوارەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنزلیگدا دەکات. پێنجەم راستەوخۆ دەگاتە یۆرۆپالیگ و شەشەمیش بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم لە لالیگا دادەبەزن بۆ خولی پلە دووەکان.

## خولی ئینگلتەرا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 93 |
| 2 - تۆتێنهام | 86 |
| 3 - مانچێستەر ستی | 78 |
| 4 - لیڤەرپووڵ | 76 |
| 5 - ئارسیناڵ | 75 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 69 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 61 |
| 8 - ساوسهامتۆن | 46 |
| 9 - بۆرنمۆس | 46 |
| 10 - وێست برۆمیچ | 45 |
| 11 - وێستهام | 45 |
| 12 - لیستەر ستی | 44 |
| 13 - ستۆک ستی | 44 |
| 14 - کریستاڵ پاڵاس | 41 |
| 15 - سوانزی ستی | 41 |
| 16 - بێرنلی | 40 |
| 17 - واتفۆرد | 40 |
| 18 - هاڵ ستی | 34 |
| 19 - میدلزبرە | 28 |
| 20 - ساندێرلاند | 24 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کەین | تۆتێنهام | 29 |
| 2 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 25 |
| 3 - سانچێز | ئارسیناڵ | 24 |
| 4 - کۆستا | چێڵسی | 20 |
| 5 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 20 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم راستەوخۆ دەگەنە چامپیۆنزلیگ. چوارەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنزلیگدا دەکات. پێنجەم راستەوخۆ دەگاتە یۆرۆپالیگ. هەژدەم و نۆزدەم و بیستەم لە پریمەرلیگ دادەبەزن بۆ خولی پلە یەکەکان.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 38)

| یەکشەممە 2017/5/28 | |
|---|---|
| ئەتەلانتا - ڤیرۆنا | 09:45 |
| بۆلۆنیا - یوڤانتۆس | 09:45 |
| کالیاری - میلان | 09:45 |
| کرۆتۆنی - لازیۆ | 09:45 |
| فیۆرەنتینا - پیسکارا | 09:45 |
| ئینتەرمیلان - ئۆدینێزی | 09:45 |
| پالێرمۆ - ئیمپۆلی | 09:45 |
| رۆما - جینەوا | 09:45 |
| سامپدۆریا - ناپۆلی | 09:45 |
| تۆرینۆ - ساسۆلۆ | |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 88 |
| 2 - رۆما | 84 |
| 3 - ناپۆلی | 83 |
| 4 - لازیۆ | 70 |
| 5 - ئەتەلانتا | 69 |
| 6 - میلان | 63 |
| 7 - ئینتەرمیلان | 59 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 59 |
| 9 - تۆرینۆ | 50 |
| 10 - سامپادۆریا | 48 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | رۆما | 28 |
| 2 - مێرتێنس | ناپۆلی | 27 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 25 |
| 4 - هیگواین | یوڤانتۆس | 24 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 24 |

## خولی فەرەنسا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مۆناکۆ | 95 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 87 |
| 3 - نیس | 78 |
| 4 - لیۆن | 65 |
| 5 - مارسیلیا | 62 |
| 6 - بۆردۆ | 59 |
| 7 - نانت | 51 |
| 8 - سانت ئیتیان | 50 |
| 9 - رین | 50 |
| 10 - گانگۆن | 50 |
| 11 - لیل | 46 |
| 12 - ئەنجی | 46 |
| 13 - تۆلۆز | 44 |
| 14 - میتز | 43 |
| 15 - مۆنپیلیە | 39 |
| 16 - دیجۆن | 37 |
| 17 - کان | 37 |
| 18 - لۆریان | 36 |
| 19 - نانسی | 35 |
| 20 - باستیا | 35 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 35 |
| 2 - لاکازێتی | لیۆن | 28 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 21 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 20 |
| 5 - فلۆران | مارسیلیا | 16 |

* یەکەم و دووەم راستەوخۆ دەگەنە چامپیۆنزلیگ. سێیەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنزلیگدا دەکات. چوارەم راستەوخۆ دەگاتە یۆرۆپالیگ. نۆزدەم و بیستەم دادەبەزن بۆ خولی پلە دووەکان و هەژدەم یاری یەکلاکەرەوە دەکات بۆ مانەوە یان دابەزین لە لیگ وەن.

## خولی ئەڵمانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 82 |
| 2 - لایپزیگ | 67 |
| 3 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 64 |
| 4 - هۆفنهایم | 62 |
| 5 - کۆڵن | 49 |
| 6 - هێرتا بەرلین | 49 |
| 7 - فرایبۆرگ | 48 |
| 8 - ڤێردەربریمەن | 45 |
| 9 - مونشنگلادباخ | 45 |
| 10 - شاڵکە | 43 |
| 11 - فرانکفۆرت | 42 |
| 12 - بایرلیڤەرکۆزن | 41 |
| 13 - ئۆگسبۆرگ | 38 |
| 14 - هامبۆرگ | 38 |
| 15 - ماینز | 37 |
| 16 - فۆلفسبۆرگ | 37 |
| 17 - ئینگۆلشتات | 32 |
| 18 - دارمشتات | 25 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 31 |
| 2 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 30 |
| 3 - مۆدیست | کۆڵن | 25 |
| 4 - وێرنێر | لایپزیگ | 21 |
| 5 - گۆمێز | فۆلفسبۆرگ | 16 |

* یەکەم و دووەم و سێیەم راستەوخۆ دەگەنە چامپیۆنزلیگ. چوارەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی چامپیۆنزلیگدا دەکات. پێنجەم راستەوخۆ دەگاتە یۆرۆپالیگ و شەشەمیش بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. حەڤدەم و هەژدەم لە بۆندسلیگا دادەبەزن بۆ خولی پلە دووەکان و شانزدەهەمیش یاری یەکلاکەرەوە دەکات بۆ مانەوە یان دابەزین لە بۆندسلیگا.

# زاوای کورد باشترینی گەورە خولەکانی ئەوروپایە

**ئا: رووداوی وەرزشی**

ئیمیل فۆرسبێرگ، ئەستێرەی سوێدی یانەی لایبزیگی ئەڵمانی، بووە باشترین یاریزان لەنێو سەرجەم یاریزانانی گەورە خولەکانی ئەوروپادا لە رووی دروستکردنی ئەسیستەوە بۆ هاوڕێکانی.

فۆرسبێرگ، کە زاوای کوردەو هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی کورد کردووە، ئەمساڵ بووە باشترین یاریزان لەسەر ئاستی سەرجەم گەورە خولەکانی ئەوروپا لە رووی ئەسیستەوە.

ماڵپەڕی فەرمی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا رایگەیاند فۆرسبێرگ خاوەنی 18 ئەسیستە، کە هیچ یاریزانێکی دیکە لە خولە گەورەکانی ئەوروپادا ئەو ژمارەیەی تۆمار نەکردووە.

لەدوای ئەو یاریزانە، کیڤن دی برۆینی یاریزانی بەلجیکی یانەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی بە پلەی دووەم دێت کە خاوەنی 17 ئەسیستە. لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆرگوایی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیش بە 13 ئەسیست پلەی سێیەمی گرتووە، هەروەها کریستیان ئێریکسنی یاریزانی دانیمارکی یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی و گیلفی سیگوردسۆنی یاریزانی ئایسلاندی یانەی سوانزی ستی بەهەمان ژمارە لە پلەی سێیەمدا لەگەڵ سوارێز هاوبەشن.

ئیمیل فۆرسبێرگ، کە ئێستا ئەو یاریزانە لەلایەن هاندەرانەوە بە جێگرەوەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی بەناوبانگی سوێدی دادەنرێت، ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچە یاریزانێکی کوردی باشووری کوردستان پێکهێناوە، کە ناوی شەنگە بورهان حوسێنە، نیشتەجێی وڵاتی سوێدەو لەوێ یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێیە.



## یارییەکانی هەفتە

- فینالی یۆرۆپالیگ: مانچێستەر یونایتد - ئەجاکس، 09:45، چوارشەممە 24/5/2017
- جامی ئیسپانیا: بارسێلۆنا - ئالاڤێس، 10:30، شەممە 27/5/2017
- جامی ئینگلتەرا: چێڵسی - ئارسیناڵ، 06:00، شەممە 27/5/2017
- جامی پورتوگال: بێنفیکا - ڤیتۆریا گیماریش، 07:00، یەکشەممە 28/5/2017
- جامی ئەڵمانیا: بورۆسیا دۆرتمۆند - فرانکفۆرت، 09:00، شەممە 27/5/2017
- خولی ئیتاڵیا: سامپدۆریا - ناپۆلی، 09:45، یەکشەممە 28/5/2017

ژماره ( 450 )
سێشەممە 2017/5/23
ڕووداو وەرزشی


## جلی باڵاپۆشی وەرزشی



کۆمپانیای نایکی بۆ جلوبەرگ و کەلوپەلی وەرزشی، ماوەی ساڵێکە پەرەی بە جلێکی تایبەت بە خانمە وەرزشکارە موسڵمانەکان داوە. کە چەند خانمە وەرزشکارێک بەشدارییان لەو پەرەپێدانەدا کردووە، لەوانە زەهرە لاری خلیسکێنەری باڵاپۆشی ئیماراتی بەناوبانگ. جلەکە لەبەرکردنی ئاسانەو لە کەرستەی نەرم دروستکراوە، چەند کونێکی بچووکی لە دواوە تێدایە، بۆ ئەوەی بە جەستەوە نەنووسێت. ئەو جلە باڵاپۆشە تازەیە سێ ڕەنگی هەیە، ڕەش، خۆڵەمێشی کراوە و خۆڵەمێشی تۆخ، ساڵی داهاتووش بۆ کڕین لەبەردەست دەبێت.



# بریکارەکەی ئیبراهیمۆڤیچ درۆزنە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

فولکەر موسال، یەکێک لەو پزیشکانەی، کە نەشتەرگەرییان بۆ یاریزانی سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ ئەنجامداوە، لێدوانەکانی ئەمدواییەی مینۆ رایۆلای بریکاری ئیبرای بەدرۆخستەوە، کە گوتبووی پزیشکەکان دەیانەوێ ئیبرا دوای وازهێنان بچێتەوە ئەمریکا، بۆ ئەوەی توێژینەوە لەسەر ئەژنۆی بکەن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان کە لە ڕایۆلایان گواستەوە، پزیشکان موسال و فرێدی فو وا هەستیان کردووە، ئەژنۆی ئیبرا زۆر بەهێزەو ئەوان پێشتر شتی وایان نەبینیووە، بۆیە داوایان لێکردووە دوای وازهێنان بچێتەوە ئەمریکا، تاوەکو توێژینەوەی جیهانی لەسەر ئەژنۆ و بەستەرەکانی بکەن. بەڵام موسال ئەو ڕاپۆرتانەی ڕەتکردەوەو بە زیادەڕۆیی وەسفیکرد، ئەو پزیشکە ئەڵمانییە بە ڕۆژنامەی دای فیلت گوت «نەشتەرگەرییەکی ڕۆتینی ئاڵۆز نەبوو، زلاتان خاوەن ئێسکێکی باشە و ئەژنۆشی بەهێزە، بەڵام زیادەڕۆییە ئەگەر بڵێین، دەبێتە کەرەستەیەک بۆ توێژینەوە».

## تۆپی پێ تەنیا موڵکی پیاوان نییە..

# کچە ئەفسەرێکی پۆلیس دەبێتە ناوبژیوانی بۆندسلیگا



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

«تۆپی پێ یاری پیاوانە»، هەندێ کەس بەمشێوەیە بیر دەکەنەوەو وا دەزانن ئەو یارییە تەنیا بۆ پیاوان دانراوەو ئافرەت هیچ بەشێکی تێدا نییە، بەڵام هەندێک لە ئافرەتان پێچەوانەکەی دەسەلمێنن، جا وەک یاریزان بێت یان ڕاهێنەر یان ناوبژیوان.

بیبیانا ستینهاوس، نموونەیەکی ئەو ژنانەیە، کە ئەفسەرێکی پۆلیسی ئەڵمانییە، ئەو دەستنیشانکراوە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێدا یارییەکانی بۆندسلیگا بەڕێوە ببات.

بیبیانا، لە 2005 نیشانەی نێودەوڵەتی وەرگرتووەو لە 2005/8/28 یەکەم یاری نێودەوڵەتی لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ژنانی سوێد و ئایسلاندای بەڕێوەبردووە لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی 2006ی ژناندا.

ساڵی 2011 یارییەکانی خولی پلە دووی ئەڵمانیای بەڕێوەبردووە، یاری کۆتایی مۆندیالی 2011ی ئافرەتانی بەڕێوەبردووە، بووەتە باشترین ناوبژیوانی پاڵەوانیەتییەکە و بڕی 2 ملیۆن دۆلاری وەک پاداشت وەرگرتووە.

بیبیانا، ساڵی 2015 کەریم دیمیربای یاریزانی یانەی فۆرتۆنا دیسلدۆرفی بە کارتی سوور دەرکردو ئەو یاریزانە پێیگوت «تۆپی پێ هی پیاوانە، جێگەی تۆ چێشتخانەی ماڵەوەیە». بەو هۆیەوە ئەو یاریزانە بۆ 5 یاری ڕاگیرا.





**پێشبڕکێ**

### به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



**براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو**

هیوا سوارێز لە شێخ ئەحمەد

**به لێدوانی:**

(ئەم کەچەڵ و ڕەشە، زۆر دەیکەن هەڕەشە)

## نوکتەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان..

# "دەست لە ڕۆناڵدۆ بدە بەناوبانگ دەبی"

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

لەم ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نوکتەیەک لەسەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بڵاوبووەتەوە، لەسەر ئەوەی گوایە لەنێو هێڵی سزای تیپی بەرامبەردا زۆر نمایش دەکات بۆ فێڵکردن لە ناوبژیوان و بەدەستهێنانی لێدانی سزا.

لەسەرتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا، نوکتەیەک بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی ڕیال مەدرید بڵاوبووەتەوە. نوکتەکە مەبەست لێی گاڵتەکردنە بە ئاسانی کەوتنی ڕۆناڵدۆ لە نێو هێڵی سزادا، بۆ بەدەستهێنانی لێدانی سزا. ئەو نوکتەیە بەشێوەیەک دروستکراوە کە ڕوخساری ڕۆناڵدۆ دەردەکەوێت و لەسەریشی کۆمێنتی «دەست لە ڕۆناڵدۆ بدە» هەیە. کە پەنجە دەخەیتە سەر وێنەکە، وێنەیەکی ڕۆناڵدۆ بە تەواوی دەردەکەوێ، کە لەسەر زەوی بەربووەتەوەو کۆمێنتی « ئەوندە بەهێز نا!.. لێدانی سزا، لێدانی سزا» لەسەری نووسراوە.







RÛDAW

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

www.rudaw.net

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی

دیزاینەران: هونە مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە